# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سێیەکی شەو تێپەڕی بکردایە؛ هەڵدەستا ودەیفەرموو: ئەی خەڵکی یادی خوای گەورە بکەن

له ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سێیەکی شەو تێپەڕی بکردایە؛ هەڵدەستا ودەیفەرموو: «ئەی خەڵکینە یادی خوای گەورە بکەن، ڕاجیفە* هات، لە پاش ئەوە ڕادیفە** دێت، مردن نزیک بووەوە لەگەڵ هەموو ئەوەی لە خۆی گرتووە، مردن نزیک بووەوە لەگەڵ هەموو ئەوەی لە خۆی گرتووە»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، من زۆر سەڵاوات لەسەر تۆ دەدەم، چەندێک لە نزاکانم بۆ تۆ بێت؟ فەرمووی: «هەرچەندێک ویستت لێی بێت»، ووتم: چارەکێک؟ فەرمووی: «هەرچەندێک ویستت لێی بێت، ئەگەر زیاتری بکەیت بۆ خۆت خێرترە»، ووتم: نیوە؟ فەرمووی: «هەرچەندێک ویستت لێی بێت، ئەگەر زیاتری بکەیت بۆ خۆت خێرترە»، ووتم: دوو لەسەر سێ؟ فەرمووی: «هەرچەندێک ویستت لێی بێت، ئەگەر زیاتر بکەیت بۆ خۆت خێرترە»، ووتم: هەموو نزاکەم بۆ تۆ بێت؟ فەرمووی: «کەواتە؛ نیگەرانی وناڕەحەتیەکانت لەسەر لادەبرێت، و(خوای گەورە) لە تاوانەکانت خۆش دەبێت».

[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لە سەرەتای فەرموودەکەدا باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە سێیەکی شەو هەستایە؛ ئومەتەکەی ئاگادار دەکردەوە لە بێئاگایی وهانیانی دەدا بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە، پێیانی دەفەرموو: (ئەی خەڵکینە یادی خوای گەورە بکەن): واتا بە زمان وئەندامەکان بۆئەوەی بەرهەمی پەرستن بەدەست بهێنن ئەمیش بە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان و وازهێنان لە کردەوە خراپەکان، فەرموودەکە باسی ئەوەیشی تێدا هاتووە لەوەیە کەسێک بۆ خۆی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە، ودەتوانێت سێیەکی یان نیوەی یان هەموو پاڕانەوەکەی نزا کردن بێت بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە لە جیاتی ئەوەی نزا بۆ خۆی بکات؛ نزا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات، هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من صلَّى عليه مرة صلَّى الله عليه عشراً) [رواه مسلم] واتە: (هەرکەسێک یەک سەڵاواتم لەسەر بدات؛ ئەوا خوای گەورە دە سەڵاواتی لەسەر دەدات)، بۆیە پاداشتی ئەم سەڵاواتدانە بەسە بۆی، بەهۆی ئەمە پێی فەرموو: (کەواتە؛ نیگەرانی وناڕەحەتیەکانت لەسەر لادەبرێت، و-خوای گەورە- لە تاوانەکانت خۆش دەبێت): واتا تۆ داوا دەکەیت هۆکارەکانی زیان وناڕەحەتی وغەماریت لەسەر لابچێت، بۆیە ئەگەر سەڵاوات لەسەر من بدەیت لە جیاتی پاڕانەوە بۆ خۆت؛ ئەوا ئەوەی تۆ مەبەستتە بۆت جێبەجێ دەبێت، ولەوەیە مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوە بێت کە بەشێک لە پاڕانەوەی تایبەت کردبوو بۆ سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وەکو ئەوەیە بڵێت: هەرکاتێک نزا بۆ خۆم بکەم؛ سەڵاوات لەسەر تۆ دەدەم، ومانای ئەوە نییە لە کاتی نزدا تەنها سەڵاوات بدرێت بەڵکو هەردوویان کۆدەکاتەوە، نزا بۆ خۆی دەکات وسەڵاواتیش دەدات بەم شێوەیە لە کۆی فەرموودەکان و ئادابەکانی نزا کردندا هاتووە.